

# ئایفۆنەکەت بکە بە دوو سیمکارت

مۆبایلی ئایفۆن لەم کاتەدا لە ریزی پێشکەوتووترین مۆبایلی هۆشمەند دێت، هەرچەندە گالاکسی سامسۆنگ لەگەڵ ئایفۆن لە رکابەریدایە، بەڵام هێشتاش ئایفۆن لە پلەی یەکەمی خۆی دانەبەزیوە. مۆبایلی ئایفۆن دوو سیم کارت ناخوێنێتەوە، واتە شوێنی دوو سیم کارتی نییە، هەربۆیە کۆمپانیایەك هەوڵیداوە بە داهێنانی ئامێرێك کە وەك کاوەرێك لە پشتەوەی مۆبایلی ئایفۆن دەخرێت، ئایفۆن بکاتە دوو سیمکارت. بەهۆی دووگمەیەك کە لە پشتەوەی کاوەرەکە دایە دەتوانی کارکردی سیمکارتەکان بگۆڕی. هەرچەندە گرفتێکی سەرەکی لە کاوەرەکەدایە هەیە ئەویش ئەوەیە هاوکات دوو سیمکارت پێکەوە ناخوێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێریت.



# مۆبایلەکەت
# بە غازیماڵەوە شەحن بکەوە

شەحنکردنەوە و بارگاوی کردنەوەی باتری مۆبایل هەرچەندە گرفتێکی ئەوتۆ نییە و وزەیەکی ئەوتۆشی پێویست نییە، بەڵام ئەگەر لە شوێنێك بیت کە هیچ وزەیەکی کارەبای لێنەبێت، وەك سەرچیایەك، یان ناو دارستانێك و لەوکاتەدا مۆبایلەکەت بەهۆی دابەزینی شەحنی باترییەکەیەوە بکوژێتەوە چی دەکەیت؟

کۆمپانیایەك لە هەوڵدانی ئامێرێك کە بە غاز ئیش دەکات سەرکەوتوو بێت، ئەم ئامێرە بە غازی سروشتی کار دەکات، ئەو ئامێرە بە هەرجارێك پڕکردنەوەی لە غاز هەتا دوو هەفتە مۆبایل شەحن دەکاتەوە.




# پەمپێکی بەهێز
# بۆ خاوێنکردنەوەی کۆمپیوتەر

بەهۆی ئەوەی کە کۆمپیوتەر هەمیشە لەبەردەستدایە ئەگەری تووشبوونی بە پیسبوون لە زۆر ئامێری دیکە زۆرترە، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە پێیدەگوترێت کیبۆرد چونکە پیسی و تۆز و خۆڵ و سووتووی جگەرە ئەگەر بەکارهێنەرەکەی جگەرەکێش بێت زۆر پیس دەبێت و کە پیسش بوو دوگمەکان بە ئاسانی داناگیردرێن.. دەکرێت بە پارچە و یان کەرەسەی تایبەت بە خاوێنکردنەوەی کۆمپیوتەر خاوێن بکرێتەوە، بەڵام ئامێری Canless hurricane پەمپێکی زۆر بەهێزە کە دەتوانێت لە سپرییە بەهێزەکانی هەوا کیبۆردەکەتان خاوێن بکاتەوە. ئامێرەکە لەسەرەتادا پێویستە 12 خولەك شەحن بکرێتەوە و دواتر هەوایەکی زۆر بەهێز لەخۆیدا خەزن دەکات و بە داگرتنی بەتاڵکردنەوەی هەوا کیبۆردی کۆمپیوتەرەکە خاوێن دەکرێتەوە.




# 3 ناو و 3 پەسۆرد لە فەیسبووكدا

فەیسـبووك كە ئێسـتا وەك گەورەترین وڵاتی جیهانی دیجیتالی دەناسـرێت و بە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە گەیشتۆتە زیاتر لە ملیارێك، كەم كەس هەیە ئەوەی شـارەزای بواری كۆمپیوتەر بێت و تەنانەت ئەوەی سەریشـی لە جیهانی كۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت دەرنەچێت، ئەكاونتێكی لە فەیسبووكدا نەبێت، بۆچوونە ناو فەیسبووك دەبێت ناو و پەسۆردی تایبەت بە خۆت هەبێت، بەڵام ئایا دەزانن كە دەتوانن بە سێ ناو و سێ پاسۆردی لێك جیا بچنە ناو فەیسبووكەكەتانەوە. واتە دەتوانن بە 9 حاڵەت فەیسبووكەكەتان بكەنەوە.

یەكەم ئەوە هەموو لایەك دەیزانن كە بە ئیمێل و پەسۆردی تایبەتەوە فەیسبووكەكەت دەكەیتەوە، دووەم بە ژمارەی مۆبایلی خۆت كە دەبێت لە شوێنی مەبەستت داخیلی پرۆفایلەكەی خۆتت كردبێت بەویش دەكرێتەوە، سـێیەم دەتوانیت كاتێك فەیسـبووكەت كردەوە بچیتە سـەر بەشی پرۆفایلی خۆت ئەوكات لە ئەدەرسی ئەنتەرنێتیدا چ وشەیەك لە كۆتاییدا هاتبوو دەتوانیت ئەوە لە شوێنی ناوەكەت بنووسیت و پەسۆردەكەی خۆت لێبدەیت و فەیسبووكەت دەكرێتەوە.

بۆ وشـەی پەسـۆردیش، یەكەم پەسۆردی خۆت، واتە ئەو پەسۆردەی كە هەتە. دووەم ئەو پەسـۆردەی كە هەتە دەكرێت یەكەم پیتی بە گەورە واتە كاپیتال بنووسی هیچ گرفتێكت نایەتە پێش، سێیەم، ئەگەر پاسۆردەكەت لە پیتی بچووك وگەورە پێكهاتبوو، دەتوانیت شوێنیان بگۆڕیت و لە كردنەوەیدا هیچ گرفتێك روونادات.



## سكاینەرێكی وایەرلەیس فایلەكان دەكاتە PDF

سـكاینەر ئەو ئامێرە گرنگەیە كە داتاكانی سەركاغەز وەك وێنە و دۆكیۆمێنت و دەق دەكات بە داتایەكی دیجیتالی، شێواز و قەبارە و توانایی و خێرایی سكاینەرەكان جۆراوجۆرە، بەڵام بە گشتی هەموویان ئەو ئەركە ئەنجامدەدەن كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان.

كۆمپانیای Doxie یەكێكە لە بەرهەمهێنەرەكانی سـكاینەر كە لەم رۆژانـەدا نوێترین ئامێری خۆی خستە بازاڕەوە، ئەویش بریتییە لە سـكاینەرێك كە بچووكەو بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و كارتی میمۆری ناوخۆی هەیە و بەبێ بوونی كۆمپیوتەر یا پرۆگرامێكی تایبەت تەنیا بە داگرتنی دو گمەیەك كاری سكان ئەنجام دەدات. جگە لەوەش سكاینەرەكە دەتوانێت فایلە سكانكراوەكان بۆ سەر ئینتەرنێتیش بەرێ بكات.



# مایکرۆسۆفت و خزمەتگوزارییەکی نوێ

ئـــەوەی هـــەر هەندێك شـــارەزایی لـــە كۆمپیوتـــەردا هەبێـــت، دەزانێت ئۆفیـــسی مایكرۆسۆفت چییە، ئەوەی پیتێکـــی تایـــب کردبێـــت، بێگومان پرۆگرامـــی wordی کردۆتەوە، word لە ڕیـــزی پرۆگرامەکانی ئۆفیـــسی مایکرۆسۆفتدایە.

لەمرۆژانەدا مایکرۆسۆفت هەوڵیداوە ئەو ئۆفیـــسەی خـــۆی لـــە جیهانی ئەنتەرنێتدا بەبێ بوونی هیچ پرۆگرامێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابنێ، بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت فایلێکی word بنووسیت، یان فایلێکی پاوەرپۆنیت ئامادە بکەیت، پێویست ناکات کە ئەو پرۆگرامانە لەسەر کۆمپیوتەرەکـــەت هەبێت، هـــەر ئەوەندە بەسە کە بچیتە ســـەر سایتی https:// skydrive.live.com لەوێدا ئەکاونتێك بۆخۆت بکەیتەوە، پـــاش ئەوە زۆربەی پرۆگرامەکانـــی ئۆفیس لەو ســـایتەدا بوونیان هەیە و دەتوانیت بەبێ بوونی ئەو پرۆگرامانەی لەســـەر کۆمپیوتەرەکەت، ئەرکەکانی خۆتی پێڕابپەڕێنیت.

# بەم پرۆگرامە چەند دیسکتۆپ دابنێ



ئەگـــەر کۆمپیوتەرەکەتان لـــە ماڵەوە یان لـــە ئیدارە چەندیـــن کەس کاری لەسەر دەکەن و هەرکام لەکەسەکانیش پرۆگرام و کاری تایبەت بەخۆیان هەیە و دەترســـیت دەستکاریی دیسکتۆپەکە و پرۆگرامەکانـــی تـــۆ بکـــەن، بۆ ئەم مەبەســـتە واباشـــە هەرکام لەوانە دیســـکتۆپ و پرۆگرامـــی تایبـــەت بەخۆیان هەبێت تاکو قەرەباڵغی لەسەر دیسکتۆپی کۆمپیوتەر دروست نەبێت، واتـــە کۆمپیوتەرەکەت چەند کۆمپیوتەر بێـــت، بەڵام ئایا ئەوە دەکرێت؟ بەڵێ بە پرۆگرامی Dexpot کە پرۆگرامێکی زۆر بە سوودە و بۆ ئەم مەبەستە داندراوە دەتوانی زیاتر لە 20 دیسکتۆپی تایبەت بە باکگراوەند و سکرین سەیڤەری تایبەت وسەربەخۆوەت هەبێت، هەر ڕاست وەك ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکەت 20 کۆمپیوتەر بێت. هەرکام لەو دیسکتۆپانەش بۆ مەبەستی جیاجیا بەکار بێنیت، وەك یەکێك بۆ هەڵگرتنی دەق و نووسینەکان، یەکێك بۆ کاروباری ئەنتەرنێت، یەکێك بۆ گەمەی ئەلکترۆنی، بە دانانی دوگمەی تایبەتیشـــەوە بە ئاســـانی لە هەر دیسکتۆپێکیش بۆ دیسکتۆپێکی دیکە بڕۆیت.

# گڵۆپە هۆشمەندە دیجیتاڵییەکان

تەکنەلۆژیای ئەلکترۆنی هەرچەندە ســـەرەتایەکەی بە گڵۆپی کارەباوە لەلایەن ئەدیســـۆنەوە دەســـتی پێکرد، هەرچەندە ساڵەهای ساڵە لەگەڵ ئەوەشدا کە تەکنەلۆژیای دیجیتالی بەرەو پێش چووە، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی جددی بەسەر گڵۆپی کارەبادا نەهاتووە، ئێستاکە پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ لە هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی گڵۆپێك کە هۆشمەندە و جگە لەبەشی ڕووناکی لە چەند هەستەوەرێك پێکهاتووە، ئەوکاتەی کە هەست بەوە دەکات ڕووناکـــی پێویســـت لە ژوورێکدا هەیە، دەکوژێتەوە، بۆ ئەوەی وزەی بـــە خۆڕایی بە فیڕۆ نەچێت، جگە لەوەش گڵۆپەکان سیســـتەمی تەکنەلۆژیای وای —فای واتە وایەرلەیســـیان هەیە، بەهۆی مۆبایل یا تەبلێت لە ڕێگای دوورەوە و تەنانەت لە ڕێگای ئینتەرنێتیشەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، بۆ نموونە گەر چووی بۆ سەفەرێك و لە یاددت نەبوو گڵۆپەکان بکوژێنیەوە، دەتوانی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە گڵۆپەکان بکوژێنیەوە.

# بە ئایفۆن گوێ لە کاسێتە کۆنەکان بگرە

بە داهێنانی CD و فلاش میمۆری و میمۆری کارت، شریتی کاسێت کە تەمەنێك خزمەتی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کرد و کەوتنە ڕیزی کەلوپەلە فڕێدراوەکان، ئێستا ستودیۆی و کاسێت فرۆشی تایبەت بە شریتی کاسێت لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەتەواوی نەماون.. زۆرکەس هەوڵیداوە بەهۆی کۆمپیوتەر و ئامێری تایبەتەوە دەنگەکانی سەر کاسێتەکان بگوازێتەوە بۆ سەر CD و بیانکاتە دیجیتالی.

ئامێری Tape Dock کە تایبەتە بە مۆبایلی ئایفۆن و تەبلێتی ئایپاد کاسێتە کۆنەکان بە ئاسانی دەکات بە فایلی دیجیتالی، ئەو، ئامێرە کاسێتە کۆنەکان دەکاتە بە فایلی MP3 و لە ئایفۆن یان ئایپاددا خەزنیان دەکات. هەروەك ئاگادارن فایلی MP3یش بە هەموو ئامێرەکان دەخوێنرێتەوە.

# بە ئاسانترین شێوە ماڵپەڕێک بۆخۆت چێ بکە




ماڵپەڕ یانی دانانی ماڵێکی مەجازی لە جیهانی ئەنتەرنێتدا، تەنانەت بۆ دروستکردنی ماڵێکی حەقیقیش پێویستیت بە ئامراز وکەرەسەی وەستای تایبەتی هەیە، لە چێکردن و دروستکردنی ماڵی مەجازیشدا هەر بەم شێوەیە پێویستە پرۆگرامی تایبەت و هەروەها دیزاینەری شارەزا هەبێت بۆ چێکردنی ئەو ماڵپەڕە.

کۆمپانیای ئەدۆب کە دوای مایکرۆسۆفت لە ریزی گەورەترین کۆمپانیای بەرهەمهێنی پرۆگرام دێت، لەم دواییەدا پرۆگرامی Adobe museی بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە نەخشەسازی سایتێك. سوود وەرگرتن لەم پرۆگرامە گەلێك ئاسانە، تەنانەت بێ نووسینی یەك دێڕە کۆدیش دەتوانی سایتێکی سەرنج ڕاکێش دروست بکەی.

ڕەنگە پرۆگرامی ناوبراو لە ریزی باشترین پرۆگرامەکان نەیەتە ژمار، بەڵام بۆ ئەوانەی کە دیزاینەری گرافیکین و توانای نووسینی پرۆگرام نووسیان نییە، زۆر بەسوودە، هەرچەندە شارەزایانی چێکردنی سایتیش دەتوانن بەپێی پێویست سوودی لێ ببینن. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ناوبراو ئەمانەن:

- چێکردنی سایت بەبێ نووسینی کۆد.
- گونجان لەگەڵ ستاندەری دیزاینی وێب و زمانی HTML.
- دیزاینی گرافیکی سایت لە چوارچێوەی Design دا.
- توانای دانانی ڕاستەوخۆ لەسەر ئینتەرنێت بە سوود وەرگرتن لە فەرمانی Publish.
- خێرایی زۆر بە پرۆگرامێکی بچووك.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کاتێك نیازم هەیە کۆمپیوتەرەکەم فۆرمات بکەمەوە، بۆ هەر ویندۆزێك چ XP یان ڤیستا یان ویندۆز7 دوو جۆرە سیستەم هەیە، 32 بیتی و 64 بیتی، من نازانم کامەیان باشترە و جیاوازی نێوان ئەو دوو سیستەمە لە چی دایە؟

خوێنەری بەڕێز سەرەتا بەم شیکردنەوە سادەیە دەست پێدەکەین، ئەگەر ئۆتۆمبێلت پێبێت بە ڕێگایەکی پان و بەرین وەك 100 مەتری دا بڕۆی خێراتر و بێ گرفتتر دەگەیتە شوێنی مەبەست، یان بە شەقامێکی وەك 30 مەتریدا، بێگومان بە 100 مەتریدا زووتر و خێراتر دەگەیتە ئەو شوێنە... سیستەمی 32 بیتی، هەروەك لە ناوەکەی ڕادیارە 32 بیت ڕێگای گواستنەوەی داتای ئازادی هەیە، بەڵام لە 64دا گواستنەوە و لێکدانەوەی داتاکان زیاترە، بەڵام لێرەدا شتێکت لەبیر نەچێت، گەر ئۆتۆمبێلەکەت کۆن بێت و خێرایی کەم بێت، گەر بە شەقامی 100 مەتریشدا بڕۆی، جگە لەوەی گرفت بۆ ئۆتۆمبێلەکانی دیکە دروست دەکەی، خێراییەکەت هەر وەك خۆیەتی، بۆیە سیستەمی 64ی بۆ ئەو کۆمپیوتەرانەی خێراییان لە خوارێیە ناگونجێت و پێویستە سیستەمی 32 بیتی دابنێین... گەر دەزانی کۆمپیوتەرەکەشت لەباری هاردوێرەوە لەسەرێیە، ئەوە سیستەمی 64 بیتی دابنێ، چونکە خێراییەکی زۆر باشی هەیە.